# بیرەوەری 67 ساڵەی کوشتنی بێبەزەیی‌یانەی
# لیۆن ترۆتسکی (1940-08-20 )

**نووسینی: ئازاد ئارمان**



لیۆن ترۆتسکی، لە ساڵی 1879، لە خێزانێکی جوتیاری جولەکە لە ڕوسیا لە دایک بووە. هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویەتی یەوە پەیوەست بووە بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ئەو کاتەی ڕوسیا لە دژی حکومەتی ئوتوکراتی تزاری. هەر لەم سەروبەندەدا ئاشنایەتی پەیدا کردووە لە گەل ڕەوتی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا ) ئەنتەرناسیونالی دووەم). بووە بە مارکسیستێکی شۆڕشگێر و دەستی بە چالاکی سیاسی کردووە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1898 دا لە تەمەنی 19 ساڵی دا دەکەوێتە بەر هێرشی پۆلیسی تزاری و دوو ساڵ و نیو زیندانی بۆ دەبرنەوە .بەڵام دوای ماوەیەک مانەوە لە زیندانی سیبیریا، هەلێک بە دەست دێنێ و لە زیندان ڕادەکات، دوای هەڵاتن و رزگاربوونی دووبارە دەست دەکاتەوە بە کاری شۆڕشگێرانە و سۆسیالیستی. دواتر لە ساڵی 1902 دا ڕوسیا بە جێ دێلێت و دەچێت بۆ لەندەن و ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەگرێت لە گەل لینین و ناوەندی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا. بە تایبەتی هاوڕێیانی ڕۆژنامەی (ئایسکرا)، لینین، کرۆبسکایا، مارتۆف، پلیخانۆف.

لیۆن ترۆتسکی دوای نیشتەجێ بوونی لە لەندەن بە بەردەوامی وتار دەنووسێ بۆ ڕۆژنامەی ئایسکرا. دوای ماوەیەک لینین پێشنیاری ئەوە دەکات ترۆتسکی ببێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئایسکرا) ئەو کاتە تەمەنی بیست و دوو ساڵ دەبێت). بەڵام پلیخانۆف لە دژی ئەم بریارەی لینین دەوەستێتەوە.

پارتی کرێکارانی سۆسیال- دیموکراتی ڕوسیا لە کۆنگرەی دووەم لە ساڵی 1903 دا دەبێتە دوو بەش: باڵی بەلشەفیک و باڵی مەنشەفیک، ئەو کاتە ترۆتسکی لایەنگیری لە مەنشەفی یەکان دەکات، بە ڕێبەرایەتی مارتۆف، لینین و پلیخانۆف لایەنگیری لە بەلشەفیەکان دەکەن .بەڵام دوای ساڵێک ترۆتسکی پەیوەندی نامێنێت لە گەل مەنشەفی یەکان و سەربەخۆ لە هەردوو باڵەکان درێژە بە کاری سۆسیالیستی دەدات .

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ لە سەروبەندی ڕوودانی شۆڕشی ساڵی 1905 ، دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیا، ئەو کاتە لیۆن ترۆتسکی تەمەنی 26 ساڵان دەبێت. لە شۆڕشی 1905 دا بەشداری هەلسوراوانە دەکات و دەور و نەخشی بەرچاو و کاریگەری دەبێت، وەکو ڕابەرێکی ئەم شۆڕشە دەردەکەوێت، هەروەها هەڵدەبژێردرێت وەکو سەرۆکی شورای پترۆگراد. لە کۆتایی دا ئەگەر چی شۆڕشی 1905 لە بارچوو و نەیتوانی دەسەلاتی تزار بروخێنێت، هەر وەکو هاوڕێی لینین باسی دەکات و دەڵێ: "سوپای تزار لەرزی، بەڵام نەڕووخا."

دوا بە دوای پاشەکشەی شۆڕشی 1905 دا. بۆ دووەمین جار لیۆن ترۆتسکی دەکەوێتە بەر هێرشی پۆلیس و دەسگیر دەکرێت و ڕاستەوخۆ دووری دەخەنەوە بۆ سیبیریا. تەنها هۆکارەکەی ئەوە بوو. چونکە وەکو ڕابەری شۆڕش دەرکەوت بوو. دوای تێپەربوونی ماوەیەک بە سەر زیندانی بوونی لە سیبیریا، دووبارە هەلێک بە دەست دەکات بۆ دەربازبوونی

و لە ئەنجامدا سەرکەوتن بە دەست دێنێت و ڕزگاری دەبێت
.

لە سەردەمانی جەنگی جیهانی یەکەمدا. کاتێ زۆربەی ڕێکخراوەو پارتەکانی ئەنتەرناسیونالی دووەم هەڵوێستی بەرگری لە نیشتیمان یان بەرز کردەوە و بە کردەوە چوونە ڕیزی بۆرژوازی نەتەوەکەی خۆیان. ئەو سۆسیالیستانەی لە سەر ڕێبازی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی مانەوە و دژی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی یە بوون ژمارەیان زۆر کەم بوون. هەر وەکو ڕۆزا لۆکسمبیرگ دەڵێت: " گەیشتوینەتە بارودۆخێک کە هەموو بزووتنەوە نێودەولەتی یەکانی دژ بە جەنگ لە چەند گالیسکەیەکی کەم کە ئەسپ ڕایدەگێشێت دەتوانین سەفەر بکەین". لیۆن ترۆتسکی یەکێک بوو لەو کەسانەی ڕۆشنترین هەڵوێستی بوو لە دژی جەنگ. ئەم تێروانینەشی لە پەرتووکێدا نووسی بە ناوی: {ئەنتەرناسیونالیزم و جەنگ}. لە ساڵی 1915 دا لە کۆنفراسی زیمیرولد- سویسرا، بزووتنەوەی دژی جەنگ بەشدار دەبێت و مانیفیستی دژی جەنگ ترۆتسکی دەینووسێت.
لە سەروبەندی ڕوودانی شۆڕشی شوباتدا، لە ساڵی 1917 ، لیۆن ترۆتسکی لە نیویۆرک لە ئەمریکاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیا. لە هەمان ساڵدا پەیوەندی کردەوە بە بەلشەفیەکانەوە و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی .

لە شۆڕشی ئوکتۆبەر دا دەورێکی بێ وێنەی گێرا و یەکێک بوو لە کەسایەتی یە هەرە ناسراو دیارەکانی ڕابەرانی شۆڕش. هەروەها دوای گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن شوراکانەوە ئەم مەسئولیەتانەی لە ئەستۆ بوو: بنیاتنەری سوپای سوور، لێپرسراوی سۆڤیەت لە کاروباری دەرەوە 1917-1918 ، لێپرسراوی ڕێکەوتننامەی بریست لیتۆفیسک لە گەل حکومەتی ئەلمانیا، لێپرسراوی کاروباری سەربازی و دەریایی لە ساڵانی 1918- 1924 ، هەروەها ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی ئەنتەرناسینالی چەپ بوو لە ناو پارتی بەلشەفیک لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا. هەروەها دەوری سەرەکی گیرا لە بنیاتنانی ئەنتەرناسیونالی سێیەم لە گەل هاوڕێی لینین. دواتریش بوو بە یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی ناسراو بە (ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیست).

ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لە مێژووی کەسایەتی لیۆن ترۆتسکی تیکەڵاو بووە لە گەل مێژووی شۆڕشی ئۆکتوبەر و سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی .هیچ هێزێک ناتوانێ لە یەکتریان جیابکاتەوە، دیکتاتوریەتی ستالین پێی وابوو دوای مەرگی هاوڕێی لینین دەتوانێ ئەم مێژووە بە هاتە هەتایە بشێوینێ و بە ئارەزووی خۆی مێژوویەک دروست بکات. ئەکێک لە پیلانە فاشیستەکانی ئەوە بوو قەڵاچۆکردنی سەرکردە و ڕێبەرانی پارتی بەلشەفیک و شوراکان.

ئەوە بوو یەکەم لێدانی لە لیۆن ترۆتسکی یە دەستی پێ کرد. سەرەتا زەمینەی خۆش کرد لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوەی ئەو کاتەی حکومەت. دوای ئەم کەمپینە و ڕاکێشانی بەشێک لە سەرکردەکانی پارتی بەلشەفیک بۆ لای خۆی (دواتر هەر هەمان لەم سەرکردانە دەرنەچوون لە ژێر کوشت و کوشتاری ستالین) . لە ساڵی 1927 دا لە پیلانگیریی یەکی دژە کۆمۆنیستی یەکی تەواو دا. توانی لیۆن ترۆتسکی لە پارت دوور بخاتەوە. لەم کاتەوە تاکو ساڵانی 1940 گەورەترین قەسابخانەی بۆ بەلشەفیەکان دروست کرد، کە ناسراوترین یان بە دادگای مۆسکۆ ناسراوە. ترۆتسکی ئەو کاتە ناوی لەم سیاسەتەی ستالین نا " شەڕی یەک لایەنەی ناوخۆ لە دژی پارتی بەلشەفیک" . ئەو سەرکردانەی کە لە سەردەمانی لینین لە سەرکردایەتی پارت بوون و لە ڕوسیا دا ژیانیان بە سەر دەبردهیچ یان بە زیندوویی نەمان و هەموویان کەوتنە بەر هێرشی بەربەریانەی ستالین. لەوانە :زینییۆف، کامینۆف، سەمیرۆف، ڕادۆک، پەیاتۆکوف، سکۆلنیکۆف، بوخارین، ریکۆف، ڕاکۆفسکی .....هتد. دوای ئەم هەموو تاوانە ستالینی خوێن ڕێژ، هێشتا دڵی پێویستی بە خوێن ڕێژی زیاترەو دەست دەبات بۆ چەپەلترین و نا مرۆڤانەترین تاوان لەوانە خێزانی لیۆن ترۆتسکی، دوو کوڕ و دوو کچی دەبێت، هەر چواریان لە کارەساتی جیاواز بە دەستی خوێن ڕێژانی ستالین لە ناو دەبرێن و هەتا هاوسەری پێشووی دوور دەخاتەوە بۆ زیندانی سیبیریا و تاکو لەوێ هەر لە زیندان گیانی لە دەست دەدات.

ئەم هەموو تاوانەی ستالین ئەنجامی دا نەک هەر ترۆتسکی لە خەبات و تێکۆشان سارد نەکردەوە و نەی بەزاند. بەڵکو زیاتر لە جاران خاراوتر بوو وشێلگیرانە تر لە پێشوو درێژەی بە تێکۆشاندا. بەم شێوەیەش وەسفی ستالینی کرد: "ئەو وێنە رەوانکەرەی ئێستا لە نێوان بەلشەفیزم ستالینیزم دایە، تەنها دیواری خوێن نی یە، بەڵکو بە تەواوی رووباری خوێنە."

لە ساڵی 1929 دا خەباتی ترۆتسکی لە دەرەوەی ڕوسیا دەستی پێکرد. هەر لەم ساڵەدا لە گەل (نەتاشا)ی هاوسەری لە لایەن دەولەتی ستالینەوە دیپۆرتی تورکیا یان دەکەن. چوار ساڵ و نیو ژیان بە پەناهەندەیی لە جەزیرەیەک بە ناوی (پرین کیپۆ) لە نزیک شاری ئیستەمبۆل بە سەر دەبەن .لەم ماوەیەدا ترۆتسکی بە بەردەوامی کاری نووسین دەکات و لە سەر ئەم مەسەلانە نامیلکەو پەرتووک دەنووسێ: سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی، شۆڕشی ئیسپانیا، خەبات لە دژی فاشیزم لە ئەلمانیا، سیاسەتی بیروکراتیزمی ستالینی.

دووەهەمین وڵات کە داوای پەناهەندەیی لێ دەکەن و بۆی دەچن. وڵاتی فەرەنسایە. لەوێش بەردەوام دەبێت لە سەر نووسینەکانی و چەندین نووسراوی نووسی لەوانە پەرتووکێک بە ناوی ( لینینی لاو). بەڵام دووبارە مەسەلەی مانەوی لە فەرەنساشدا دەکەوێتە خەتەرەوە. ستالین دەولەتی فەرەنسا مەجبوور دەکات کە ترۆتسکی و هاوسەرەکەی دەربکات .ئەمەش لە ژێر بەرژەوەندی هەر دوو وڵات دا بەرێوە چوو.

وڵاتی نەرویج سێیەمین وڵات دەبێت کە ترۆتسکی و هاوسەرەکەی نەتاشا تیایە نیشتەجێ دەبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەوێ ژیان بە سەر دەبەن و یەکێک لە پەرتووکە دیارەکانی لەوێ دەنووسی بە ناوی( شۆڕشێکی خیانەتلێکراو .(سەرئەنجام لە وڵاتی نەرویجیش بە هۆی فشاری ڕاستەوخۆی دەزگای ستالین. چەند مانگێک ترۆتسکی دەست بە سەر دەکەن و دوای ئەوە دیپۆرتی وڵاتی مەکسیکی دەکەن و لە شاری مەکسیکۆ سیتی کە پایتەختی ئەم وڵاتەیە نیشتەجێ دەبن .لەوێش بە بەردەوامی درێژە بە کارەکانی دەدات و لەم مەیدانانەدا کار دەکات: نووسینی جیاوازی یەکانی کەلەپوری مارکسیزمی ڕاستەقینە لە گەل مارکسیزمی درۆینەی ستالینی، کار کردن بۆ بنیاتنانی ئەنتەرناسیونالی چوارەم، وەڵام دانەوە بە دادگای مۆسکۆ، مەسەلەی جەنگی جیهانی دووەم.

ستالین بە درێژایی ئەم ماوەیەی کە لیۆن ترۆتسکی ڕوسیای بەجێ هێشت، خەریکی پیلان دارێژی بوو بۆ لە ناو بردنی ترۆتسکی. چەندین جار ئەم هەولەی تاقی کردۆتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبووە. بەڵام لە کۆتایی دا بە پێی پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو لە لایەن پۆلیسی نهێنی ستالین و ە کەسێکی ئامادە کردبوو بۆ ئەم کارە ئەویش (ڕامون مرکادر) بوو. کە دەستگیرانی یەکێک لەم کچانە بوو کە لە گەل ترۆتسکی کاری پارتی یان دەکرد. سوودی لە پەیوەندی یە بینی و لە 20-08-1940 دا لە ماڵەکەی خۆی دا هێرش بباتە سەر لیۆن ترۆتسکی و بە سەختی بریندار بکات و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی ئەم مرۆڤە مەزنە بۆ هەتا هەتایە لە لێدان بخات.

ستالین توانی دڵی ترۆتسکی لە لێدان بخات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی ڕێباز و مێژوویەک کە ترۆتسکی 40 ساڵ لە پێناویدا خەباتی بۆ کرد لە ناوبەرێت. ئەویش ڕێباز و کەلەپوری مارکسیزمی ڕاستەقینە و سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی بوو.

لە هەزارەی سێیەمدا، یانی لە سەدەی بیست و یەکەم دا. ئەگەر هیوایەک هەبێ بۆ شۆڕش و ڕاپەرین، ئەوە ناو و ڕێبازی ترۆتسکی یە لە پێشەوەی ئەم هەستانە جەماوەری یانە بە ئاڵای مارکسیزمی ڕاستەقینەوە. نەک ستالینی دیکتاتۆر. ئەوە ئەمرۆ ترۆتسکیزمە بۆتە یەکێک لە سەرچاوە تیوری یەکانی مارکسیسزمی شۆڕشگێر، نەک ستالینیزمی

دوژمن بە مارکسیزم. ئەوە نووسینەکانی ترۆتسکی یە وەکو سەرچاوەیەکی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەک هەر چەپەکان بەڵکو بەشێکی فراوان لە کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرن. بەڵام ستالین و ستالینیزم ئەمرۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەفرەتی قوول و بێ ئامانی لێی هەیە.

ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا ئەوەی سەلماندووە، دەسەڵاتی مێژوو زۆر گەورە ترە لە دەسەڵاتی گەورەترین دیکتاتۆر. هەر وەکو لیۆن ترۆتسکی زۆر بلیمەتانە پێناسەی دیکتاتۆرێکی وەکو ستالین دەکات و پێی دەڵێت: " تۆڵە سەندنەوەی مێژوویی، زۆر بەهێزترە، لە بەهێزترین تۆڵەی سکرتێری گشتی " .

ئەم وتارە لە ماڵپەری(سۆسیالیستە ئەنتەر ناسیۆنالەکان) بڵاو کراوەتەوە
http://www.kurdistansocialists.org/isk/modules/news